www.kurdistannet.org
2:14 2-7-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

حاشا ئەی هەڤالی دێرینم! ... عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین

ئەو کاتە هەر دولامان یەکسان بووین، لە یەک سەنگەردا بووین... سەنگەری خەبات و باوەڕ و هاوپەیمانی... هەردوولامان باوەڕمان وا بوو: گەلەکەمان ستەمدیدەو چەوساوەیە، ئەرکی سەرشانمانە تا رۆژی رزگاری خەباتی بۆ بکەین... لەم باوەڕەدا هاوپەیمان بووین و بۆ ئەم ئامانجە خەباتمان دەکرد...

بە بیرتە پێکەوە شەو و رۆژ درێغیمان نەدەکرد... ئەوەی لە خەباتەکەشمان بەشداری نەدەکرد بە سووک تەماشامان دەکرد... ئاخر ئەوێ رۆژێ خەبات بۆ رزگاری مەرجی کوردایەتی و پیاوەتی و ئازایەتی بوو... بەراستی هەر ئاواش بوو...

بەڵام ئەی ئەوەی جارانم هەڤالم بوویت... ، من لە یەک شت هەڵە بووم، نەمدەزانی کە من و تۆ تەنها لە رووە دیارەکان یەکسان و هاوباوەڕ و هاوپەیمانین، دەنا لە رووە پەنهانەکان جیاوازین و دژ بە یەکترین...

ئەو رووە جیاوازانەشمان دوای رۆژی نیوەرزگاریمان بۆ یەگجاری پەردەی لەسەر لاچوو... زۆری نەبرد تۆ لە بەرەی چەوساوانی گەل دوور کەوتیتەوەو کەوتیتە بەرەکەی تر... ئەو بەرەی هەر لە ریشەوە دژ بەگەلەو لەسەر خوێنی گەل و قووتی هاونیشتمانیان مشەخۆرانە ژیانی خۆی ئاوا دەکات... رێگەی ناڕەواییت گرت و لەگەڵ دز و ناڕەوایان کەوتیتە پێشبڕکێ... ئێستا لە سایەی ئەو پێشبڕکێیەت خاوەنی چەندین پارچە زەوی و چەندین کۆشک و تەلاری... کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی شەرمت بەمە نیە کە زۆرینەی گەلەکەت بە دز تەماشات دەکەن، چەندین کەسانی وەک منی کۆنە هەڤالیشت سەریان سووڕماوە، چۆن توانیت ئەو سەنگەرگۆڕیە بکەیت و بە چ هونەر و بەچ ڕوویێک لە سەنگەری خەبات و تێکۆشانەوە بگوازیتەوە بۆ مۆلگەی چەپەلی رێگر و دزانن. جارن تۆ ئابوونە و دەستگری ئەم و ئەوت بۆ منداڵە ئەنفال و شەهیدان کۆدەکردەوە، نازانم ئێستا چۆن بووبت بەو پاشای کۆشک و تەلار و داراییە، وات لێ هاتووە کۆنە هەڤالانی خۆشت لە بیر چۆتەوەو کەسیان ناناسیتەوە.... ئای هەڤالی دێرین...

خۆزگە منیش وەک گەلێک لە هەڤالانی تر مەرگ لە باوەشی دەگرتم، زۆرم لا خۆشتر بوو لەوەی ببینم یەکێکی وەک تۆش کەوتیتە بەرەی بازرگانانی خوێن.

ئەو سۆز و هەستە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەی کە خانی و حاجی و دلدار و دەشتی و چەندین لە پیشەوایانی گەلەکەمان بە هەژاری و هێمنی ئەفراندیان... شەهیدانیش بە خوێنی گەشی خۆیان ئاویان داو پەرەیان پێدا، بەهۆی تۆ و چەندینی وەک تۆ تووشی ژاکانەوەو نەمان چوو...

ئای هەڤالی دێرینم... باوەڕ بکە ئێرەییت پێ نابەم! دڵم بۆت دەسووتێ، چی وای لێ کردیت ئەو تاجی سەربەرزییە بە سەرشۆڕی بگۆڕیتەوە، نەک هەر ئێرەییت پێ نابەم، شادمانم کە من لەو سیما ناشیرنانەی تۆ، لەو بێ وەفایی و بێ پەیمانیی و کارە قێزەونانەی تۆ بە دوورم...

چۆن لە بیرت چوو، ئێمە جاشێکی بەستەزمان، کە بۆ بژێوی منداڵ و خێزانەکەی چواردە دینار و رۆبعێکی وەردەگرت... زۆر جاریش هەڵوێستی دلێرانەی نیشان دەداو پشتی ئێمەشی دەگرت، لەگەڵ ئەوەش پێکەوە سووکایەتیمان پێ دەکرد و پێمان دەگوت:"من ربک... سێزدە دینار و روبعەکە"، ئەگەریش بکەوتبانە بەردەستمان ژیانیمان دەسڕیەوە... ئەی تۆ ئێستا چەند بەقەد موچەی جاشێکت بە ناڕەوا لە مولکی گەل بۆخۆت گل داوەتەوە... سێزدە ملیۆن و روبعێک یان زۆر زیاتر... خۆت خۆت دادگایی بکە!... ئای هەڤالی دێرینم... دەزانم ئێستا کانی هەستەکانت وشک بووەتەوەو وەک مراوی سۆنەت لێ هاتووەو ئەم نامەیەی من تەڕت ناکات و نات بزوێنێت...

بەڵام ئەم نامەیە حاشانامەی منە لە تۆ و ئەوانەی وەک تۆن، خۆزگەش هەرگیز تۆم نەناسیباو نەدیبا...